# تابلۆیەك لەسەر تارای دڵ

شیعری حەمید کەشکۆلی

لە چرکەساتیکی دەرەوەی زەمان،

دەنگی گوللەمان بیست ودیری رەش رەشی لەنیوان پەراسوی بلیسەدا بە جیهیشت،

وینەش بیدەنگ سەرەتاتکی دەکات، و

دەبتە بزاقی شەفافی شەپۆلی رەنگ.

زەردەخەنە لەسەر تارای دل خۆدەنوینی.

دوایی نۆرینە و

دووچاو دەروانن ئاسۆی بەرینی دلگەلی شیدار،و

لە هەمو لاوەش سیبەری ساقی گولیکی لەخاك وەردراوە

گولەکەش لە باوەشی مەرگدا دلی لیدەدا.

## بۆنی خاك

ساتەکانی مەرگ لە چاوەکانتدا لە چرا دەگەرین

خەرمانەی، روومەتم دادەپۆشن،

لە دیوی ئەوپەری هەیوانیگا

سەمای سەرابەو

هەیڤکیش ئامادە.

دەرکاکانی شار لەسەر گازی پشت دەکرینەوە،

لە لەشیکەوە بۆنی خۆلی لە خوین خەلتان دێ

مانگ بە تەوەرەی خۆیدا دەسوریتەوە

گورانیبیژان دەنگیان نووساوە

دەهۆل لیدەران ماندوون و

دەستگەلیك لە تاریکایی شەودا

سەر دابەش دەکەن،

ئەوانە لە مانکەشەودا رادەبوورن.

## ویلی

ریمان دەکرد،

لە زەردەی دواژواندا

کپی هاوریی ریگامان بوو،

نامۆییمان

بە چارەنووسی گەروگولانەوەی گرێ داین،

©Kurdistan Net

وادیسان

رۆژەکانمان بێبروار و

شەپۆل منی کۆرپەلەی نوستووی ناو سەبەتە داژوێ

سەرم هەلگرت

دوور بووم لە تۆ و لە هەوارم،

شیوەی دوو دوورەولات

لە وشەو زمان و

رستەپچراوەکان و

وینەی سبە تەماوییەکاندا

سەفەرمان بێ کۆتایی و

ویلیمان بەکۆلەوە بوو.

**شەهید**

هەمو ئیوارەیەك،

شارەکەت بەسەردەکەیتەوە،

خوینت

لە رەنگەکانی ئاوابوونەوە

دەسمالی زەماوەند دەچنێ،

مەچەکەکانت کۆشی هەیڤکن

بە خەرمانەکەت

لەسەربانی مالەکانماندا دەمانپۆشی.

تۆ حزووری تیکرای حزووری، سەرەرای ونبوون،

کاتی دەردەکەوی

ئاسمان دەکریتەوە،

درەختی دل لە خوینی تۆوە سەرهەلدەدات،

بورجەکانی دلم بەسەر سبەینییدا ئاوالە دەکەمەوەو

پۆلە کۆترەکان بەرەلا دەکەم.

گۆرەکەت هەمو فەزایەکەیە،

تۆ هۆنراوەی لە بەهرە شاراوەکانماندا

ئاماژە بۆ سبەنییەکی پیرۆز دەکا،

سیحراوی لە خوینی وشەکانی شەبەقی مەلەکوت دەتوییتەوە،

ئیمەش خامەی وین،

بەتەنیا دیی

لە نوورە شەرمنەکەتدا شەپۆل دەدەی،

هەناسەشت خشەی بالە لە نیوان پەراسووەکانی من و تارای دلە نامۆییکەی دایکتدا دەشەکیتەوە،

www.kurdistannet.org
15/04/2002 00:35

دەمیکیش ئیوارە بۆ قولایی رۆدەچێ ئاسمان رەنگی ئەسپە رەسەنەکەت بە خۆ دەگرێ،

برینی هەنیتیش ئاوینەیە تییدا وینەی خۆمان لە گیتیدا شیرینتر دەبینین،

بالاتیش لە نووری مانگە بە دلەخورپە سپییە ئاوریشمینەکەیەوە.

گەواهی دەدەم جەستەت بە زەردەپەر هەلگەرا،

بوو بە دەریا و شەپۆلی شەپۆلان و

ئاوینەی خەون لە هەر پارچەیەکی روحی من،

بە ناوی تۆش برینەکانم ساریژ دەبن،

خۆ دلە ماندووەکەم دەنالینێ و ئاوینگ تەر دەکا،

و هەمو شەوێ لەجەرگەی دلە کلپەسەندوەکەتدا دەبریسکیتەوە.

## شاژنەکەم

وای کە شیرینی ەە میك تاجەکە بۆ سەرت دەسوتێ !

ساتیك ئەستیرە کانی ئاسمان هەلیروکینی، سولەکانت پی دەرازینیتەوە !

خۆریش تۆپی ئاگربازیی مندالانە،

بەرگی پادشایی بایەوانی گەمیەکانی نیو گۆلەکانی مانگ و

خوداش سەرزەویی بۆ تۆ جیهیشتووە.

لە بیستانەکەمان بۆنی بەرامەی سروەکەت دەکەم، و

هەورەکانت موژدەی پیکهاتنی ئاوات دەدەن،

ئای کە شیرینی! ساتێ تەیری ئاسمانت لە باخەلی هەوردا هیلانە چێ دەکەن،و

گورگیش مەرەکان دەلاوینن!

چ شیرینی، هەنگێ لە چاوەکانتەوە مانا شاراوەکانی مرۆڤ دەبینین!

ئای کە بەدبەختن ئەوانەی پیش مەرگ تاج بۆ گۆر دایان دەگرێ !

چ شیرینی کاتێ لەتەك رۆژدا، لە دەمی ئاوابوونیدا راوەستاوی!و

پچەدووی نیرگز دەبیسی و

سەرزەمینەکەت بە لیوو ماچ وەردەگەرینی

ئاو بە قەت بالات هەلدەستێ و

داری کاژ لە خۆشی تۆدا شاگەشکە دەبن و کاکیشان دەتپاریزێ.

هاوینی ٢٠٠٠

مالمو سویدێ